Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.03 01:53:58 +01'00'

# بۆ بەرپرسی سایتی ئەنترنێتی کوردستان نێت

لە پێشدا سەری ساڵی تازەتان پیرۆز بێت!

هیوادارم کۆتری ئاشتی و ئاسایش و ئازادی، بە ئازادی دوور لە چاوی راوچییان لە فریندا بێت.
دۆستان هەم بۆ زانیاری سەبارەت بە رووداوەکانی جهان، هەم بۆ ئەوەی رستەیەک فێر ببم بە پێی کات و توانایی سەیری سایتەکاندا دەکەم. دەتوانم بڵێم زۆر سوودی زۆریان بووە بۆم. لە سایتەکەی ئێوە  وەک سایتی کوردستان نێت دوو بابەت سەرنجی راکێشاوم، ئێستا لەم سەری ساڵی تازەدا دەمەوێت بیخەمە بەردەستان.
یەکەم بابەت: **ستونی بوێری**

لە پەنای هەر کەموکورییەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، هەروەها جەنگ و خوێنرێژی کە هەیە لە جهاندا، خۆشبەختانە خەڵک بەرەو ئەوە دەروات کە دوور بێت لە توند  و تیژی و ناوچاو گرژ کردن لە گەڵ یەکتردا. بۆ چارەسەر کردن و لابردنی کێشەکان لە جهان بە گشتی و دنیای نووسین بە تایبەتی زمانی رەخنە بەکار دەبرێت. لە مەیدانی رەخنەگرتندا پێویست بە زۆرئازمایی و ... نییە، بە کوردی و بەکورتی هەموو کەس دەبێت بێ ترس رەخنەی خۆی بەیان کات. ئەگەر ئەوە پێوانە و سەنگ ترازووی کۆمەڵگا بە گشتی و دنیای نووسین بە تایبەتی بێت، دەبێ بڵێم ستوونی بوێری پێویست نییە!
ئەگەریش بۆ جارەسەر کردنی گیروگرفتەکان زمانێکی دیکە بەکار ببرێت ئەوە بوێر و نەترسە کە دەتوانی مەیدانداری بکات. ئەوەیش کە ترسەنۆکە مافی پێشێل دەکرێت و بەشخوراو دەبێت! وەک پێشنیار هیوادارم ئەو ستوونە لە سایتەکەدا لاببرێت.

دووهەم بابەت بەو جۆرەتان نووسیوە:

**نووسەری هێژا: تکایە ئەو بابەتەی بۆ سایتێکی تری دەنێریت بۆ بڵاوکردنەوە. بۆ ئێمەی مەنێرە. کوردستان نێت بابەتێک بڵاو ناکاتەوە لە ساتێکی تردا بڵاو کرا بێتەوە.**

وەک دەزانن ئەو نووسراوانەی کە بەدەس ئێوە بەرێوەبەرانی سایتەکان دەگات، هەموویان لە رێگای ( emil ) یا بلێین نامەی بەرقییەوەیە، نەک لە رێگای پۆستی سادە.
لەم کارەدا ئەو کەسەی کە نامەکە رەوانە دەکات پیویستی بەوە نییە کە رێگای پۆست بگرێتە بەر، یا تکا لە کەسێک بکات و نامەکەی بۆ گەیەنێت. وەگری نامەیەکەیش بە هەمان شێوە پیویستی بەوە نییە رێگای دووری پۆستخانە ببرێت و دەرگای سندووقەیکەی بکاتەوە. ....
خۆتان زۆر باشتر لە من دەزانن کاتێک نامەیەک بە رێگای (ئیمەیل) بۆ چەند شوێنێک رەوانە دەکرێت، پاش نووسینی ئەدەرەسەکان تەنیا یەک ( klik ) = پەنجەنان بە دوگمەیەکدا پێویست، پاشان هاوکات نامەکە دەگاتە دەست خاوەنەکانیان.
خۆشبەختانە ئێوە سایتەکان دەتانەوێت خزمەت بە گۆمەڵگا بکەن، لێرەدا هەر کام لە ئێوە ئەو بابەتەی کە دەگاتە دەستی زووتر لە سایتەکەیدا پیادەی کرد، ئەوە زیاتر خزمەت دەکات!
ئەگەر لەوە زیاتر دەسکەوتێکی دیکە رەجاو دەکەن من قسەیەکم نییە!
ئەو شەرت و مەرجەی کە ئێوە دیاریتان کردووە زیان بە خوێنەر دەگەیەنێت. ئەگەر گیروگرفت بۆ بەرێوەبەری سایتێک نەیەتە پێشەوە بەلانی کەمەوە دەبێت رۆژێک چاوەروان بێت بۆ ئەوەی ئەو بابەتە لە سایتەکانی دیکەدا پیادە کرد و بیخوێنێتەوە. لە کۆتاییەدا هیوا دارم لە هەر بوارێکی ژیاندا یەکسانی ببێت بە ئارمان و ئامانجمان! بە کوردی و بە کورتی لێرەشدا هەمان ئارەزووم هەیە کە ئەوەیش لە سایتەکەتاندا لابرێت!

خوێنەرێکی سایتەکان سەعی سەقزی ٢٠٠٤/١/١